## بەیاننامەی هاوپەیمانیی دیموکراتیی کوردستان لەبارەی راگەیاندنی بزووتنەوەی گۆڕینی دیموکراتی لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا

***هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان**( 08 ئۆکتۆبەری2008):* ژمارەیەک لە کادیرە پێشکەوتووەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە بەیانێکدا، کە 7 ئۆکتۆبەری 2008 لە لەندەن بڵاوکراوەتەوە، بێزاریی توندی خۆیان لە ڕەفتار و مامەڵەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبەکانی دیکە دەربڕیوە. بەیانەکە جەختی لەسەر ئەوەیە کە درووشمەکانی ینک هیوایەکی گەورەبوون بۆ گەلی کورد لە ساڵانی سەختی خەباتدا، بەڵام پاشئەوەی لە ساڵی 1991دا دەسەڵاتی گرتەدەست، سەرکردایەتی پشتی کردە ئەو درووشمانەی کە گەلی کوردستان خەباتی بۆ دەکردووە و لەپێناو بەدیهێنانیدا قوربانی داوە.

بەیانەکە، کە "راگەیاندنی رەوتی گۆڕینی دیموکراسی" (رەگ) دەریکردووە، دەنووسێت، " ئەمڕۆ حیزب، لەکوردستانی عێراقدا، دەست وەردەداتە هەر سێ دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری [...]. حزب ئیرادەی گەلی کوردستان پێشێل دەکات. لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانەکانی کوردستان، بەغداد، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانی، پارێزگاکان، و لە هەڵبژاردنی ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکاندا ساختە دەکات. گەر وا بڕوا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت، و ئەمەش زیانێکی گەورەیە بۆ ژیانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق و لایەنە توندڕەو و دژەدیموکراسیەکان بەهێز دەکات.

لە بەیانەکەوە ئەوە دەردەکەوێت کە چەند هەوڵێک هەبوون بۆ ڕێگرتن لەسەرکردایەتی لەڕۆچوون بەرەو ئەم ڕێڕەوە مەترسیدارەدا، بەڵام سەرکردایەتی کورد گرنگی نەداوە بە ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی ناوخۆ. ئەمەش بێزارییەکی زۆری لەناو ریزەکانی ینک دا خستووەتەوە. راگەیاندنەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، "جاران مەترسیی لەدەرەوەی کوردستانەوە دەهات؛ وا ئێستا مەترسی گەورە لەناوەوەی کوردستانەوە دێت." هۆکاری ئەمەش شکستی ئیدارەی کوردستانە لە دابینکردنی سەرەتاترین خزمەتگوزاری بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ناڕوایی و هەتککردنی کۆمەڵاتی و گەندەڵی تەشەنە سەندووە.

چوار ئەندامەکەی، کە واژۆیان لەسەر بەیانەکە کردووە، ئاماژەیان بۆ ئەوەش کردووە، کە "ئێمە نوێنەرایەتی هەزاران ئەندام و کادیری یەکێتی و خەڵکی دڵسۆزی کوردستانین؛ هەوڵ دەدەین گۆڕانی بنەڕەتی لە سیاسەت، پەیام و پێکهاتەی یەکێتی ئەنجام بدەین بە ئاقارێکدا، کە لەخزمەت و بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندا بێت".

ڕووداوەکانی مێژوو سەلماندویانە کە هەوڵەکانی چاکسازیی ناوخۆ، لەناو دوو حیزبە کوردییە دەسەڵاتدارەکەدا، شکستیان هێناوە. ئێمەی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان پێمانوایە ئەو هەوڵانەی بۆ چاکسازیکردن لە پەیکەری دیکتاتۆری درێژخایەن و چەقبەستوودا دەکرێت، لەوانەیە بەفیڕۆ بچن. بەڕای ئێمە باشترە کار بۆ دامەزراندنی ڕەوت و بزووتنەوەیەکی نوێ بکەین، کە بەفیعلیی باوەڕی بە بنەما دیموکراتییەکان هەبێت و هەڵوێست وەربگرێت لە ویستی نەوەی ئێستای رۆڵەکانی کوردستان. ئەم نەوە نوێیە، بەتاسەوەیە بۆ رزگاربوون لە کەلەپوری ئازاراوی خۆسەپێن، کە کۆمەڵگەی کوردستان لە "جەنگی سەرکردەکانیەوە" گلاندووە، و هەزاران قوربانیی پێداوە. تائێستاش پاشماوە و کاریگەرییە وێرانکەرەکانی لە سایکۆلۆجیی گەلی کوردستاندا دیارە.

ئێمەی هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان خۆشحاڵین بەم هەنگاوە بوێرانەیەی ڕەگ و پشتگیریی لێدەکەین، هەروەک داوا لە برا و خوشکانی "پارتی دیموکراتی کوردستان" دەکەین؛ خۆبەدەستەوەدان بۆ ویستی دەستەبژێرە [نوخبە] دەسەڵاتداری خۆسەپێن بەسەر قەدەری حیزبدا رەتبکەنەوە. داوای جووڵانی بە بەرنامەیان لێدەکەین لەپێناو گۆڕینی دیموکراتی لە کوردستاندا، و بەیەکگەیشتن لەگەڵ هێزە دیموکراتییەکانی کوردستان کە بەرهەڵستی خۆسەپاندن، ناڕەوایی و هەتککردنی کۆمەڵایەتی و گەندەڵیی دەکەن.

**بەیاننامەی هاوپەیمانیی دیموکراتیی کوردستان لەبارەی راگەیاندنی بزووتنەوەی گۆڕینی دیموکراتی لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا**

هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان، ئۆکتۆبەری2008

لەپێناو سەرکەوتنی پرۆسەی گۆڕینی دیموکراتی و بنیاتنانی ئیدارەیەکی مەدەنیی، کە خزمەت بە جەماوەری کوردستان بکات، بەهەموو نەتەوە، ئاین و بۆچوونە سیاسییەکانیەوە.

هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان جەخت لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکات:

- بەخێرایی دەستکردن بە وتووێژی جدی لەگەڵ هەموو هێزەکانی گۆڕاندا لە کوردستان و دەرەوەیدا بۆ گەیشتنە ستراتیجێکی هاوبەش بۆ کاری یەکگرتوو. واتە کارکردن بۆ پێکهێنانی "ئۆپۆزسیۆنی دیموکراتیی لەناوەوە و دەرەوەی کوردستاندا"، و دیایکردنی هەڵوێستی ئەو ئۆپۆزسیۆنە لە دەسەڵاتی کوردی و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵیدا. بەکورتی داڕشتنی ستراتیجێکی هاوبەشی کوردستانی، کە هەڵوێستی نەتەوەی کوردستان بەرانبەر عێراق، هێزەکانی نێوچەکە و نێودەوڵەتی و نێونەتەویی دیاری بکات.

- کارکردن بۆ پێکهێنانی بەرەی ستراتیجیی هاوبەش لەسەر بنەمای پرۆگرامێکی کارکردن کە چۆنیەتی برەودان بەخەباتی کاریگەر و ڕێڕەوی پرۆسەی سیاسیی لە کوردستان و عێراقدا دیاری بکات.

- جێبەجێکردنی بنەما دیموکراتییەکان لەناو ئەم ڕێکخستن، ڕێکخراو، ڕەوت و حیزبە سیاسییانەدا؛ و مامەڵەکردنی دیموکراتی لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانەی کە لەسەر زەمینەیەکی هاوبەش رادەوەستن.

- هەڵوێستوەرگرتن لەو ئیمتیازانەی کە سەرکردە دەسەڵاتدارانی هەولێر شارەزایانە دەیبەخشن بۆ لێکهەڵوەشانی ریزەکانی ئۆپۆزسیۆن و هۆشیاربوون بەرانبەر دەستنێژەکان. پێویستە لەسەر ڕۆشنبیرانی کورد کە خۆیان نەدەن بەدەست حزبەوە بەرانبەری ئیمتیازێک کە مولکی نەتەوەی کوردستانە و حزبەکان بۆ خۆیان پێشێلی دەکەن.

- دانانی پێگەیەکی ئەلیکترۆنی یەکگرتوو بۆ ئەم بەرە ئۆپۆزسیۆنە دیموکراتیە. پاشان، کارکردن بۆ بەدەستهێنانی تواناکان بۆ دامەزراندنی ڕادیۆیەک کە ڕووی دەنگی لە گەلی کوردستان بکرێت؛ کارکردن بۆ برەودان بە تواناکان بۆ دامەزراندنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی نێودەوڵەتیی وەک دوانگەیەک بۆ گوزارشکردن لەهەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنە دیموکراتییەکە.

- بڵاوکردنەوەی کولتووری دیموکراتیی، لەناو کۆمەڵگەی کوردستان و عێراقدا، بۆ بەهێزکردنی سیستەمی فیدراڵی و سەروەریی قانون و گەرەنتیکردنی ئازادی تاک لە کۆمەڵگەدا.

- بنیاتنانی پەیوەندیی بەهێز لەگەڵ هێزە دیموکراتییەکان لە عێراق و خۆرهەڵاتی نێوەندا، و گۆڕینەوەی بیروڕا بۆ پتەوکردنی یەکڕیزیی هێزە دیموکراتییە پێشکەوتنخوازەکان لەناوچەکەدا.

- کارکردن بۆ نەهێشتن و ئاشکراکردنی سەرچاوەکانی گەندەڵیی، بەگشت جۆرەکانیەوە لە کوردستاندا و مکوڕبوون لە ئاشکراکردنی سەرچاوەی سەرەکیی گەندەڵی، جا هەرکەسێک یان هەرلایەنێک بێت.

- کارکردن بۆ نەهێشتنی زاڵبوونی حوکمی عەشایەری و بنەماڵە لە کوردستاندا، و بەربەستکردنی مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و پشتبەستن بەتوانا و لێهاتووەکان لەپڕکردنەوەی پۆستەکاندا لەهەموو دەزگاکانی دەوڵەتدا.

ئێمە لەو بڕوایەداین ئەم پێشنیازانە زەمینەیەکی باش دەڕەخسێنن بۆ سەرەتای لێکگەیشتنێک کە "بەرنامەیەکی هاوبەش"ی لێبکەوێتەوە، لەنێوان هەموو هێزەکانی گۆڕانی دیموکراتیدا لە کوردستان و دەرەوەیدا. هەروەها پێشوازی لەهەموو پێشنیازێکی لایەنەکانی دیکە دەکەین لە بەهێزکردنی چوارچێوەی لێکگەیشتن و کۆکردنەوەی وزە و تواناکانی جەماوەر بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کارای ئۆپۆزسیۆن. ئومێدەوارین ئەم هەوڵانە لەئێستاوە بەگیانێکی دیموکراتی و شارستانییانە دەستپێبکات. پێکهێنانی ئۆپۆزسیۆنێکی نیشتمانیی دیموکراتیی بووەتە ئەرکێکی مێژووی، کە ناکرێت دەستبەرداری ببین، لەپێناو رزگارکردنی کۆمەڵگەکەماندا لەهەرەس، رووخان و خۆسەپاندن.

**هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان، 08 ئۆکتۆبەری2008**

**بەیاننامەی هاوپەیمانیی دیموکراتیی کوردستان لەبارەی راگەیاندنی بزووتنەوەی گۆڕینی دیموکراتی لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا**
هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان، ئۆکتۆبەری2008